سەرکان کوردی
sarkankurdee@yahoo.com


# تکا، تکا، تکا

ڕەنگە ئەم نووسینەم تێکهەڵچوونێکی خێرا بێت بۆ ناو کوردستان نێت، بەڵام تەنها ئەو تکا، تکا، تکایەی سەر تۆڕگەکە* وای لێکردم کە ئەم پەیامە کورتە بۆ گشت نووسەرانی خۆشەویست بنووسم. کوردستان نێت تۆڕگەیەکی کوردی نێو تۆڕی کراوەی جیهانی و سەکۆیەکی ئازادە بۆ بە گژاچوونەوەی دەستەڵاتی تاکڕەوییە. کوردستان نێت هەر وەک و هەموو تۆڕگەکانی تر یاسای بڵاوکردنەوەی خۆی هەیەو ئەم تۆڕگەیە هەمیشە ئازادانە دژایەتی هەموو لایەنە سیاسیەکانی کردووە بەشێوەیەکی درووستکەر بۆ خزمەتکردنی دۆزی ڕەوای گەلەکەمان.

کوردستان نێت هەر لەسەرەتاوە داوای لە نووسەران کرد کە ئەو نووسینانەی دەینێرن بۆ کوردستان نێت با لە شوێنی تردا بڵاو نەکرێنەوە یان نەکرابنەوە. بەڕێزان، کوردستان نێت سوک و باریک، پێمان دەڵێت کە بەخێرهاتنی هیچ پەیامێکی دووبارەی کۆن ناکات کە لە تۆڕگەیەکی تردا بڵاو کرابێتەوە. ئەمە نەک هەر کوردستان نێت بەڵکوو زۆربەی تۆڕگە کوردیەکان هەمان شێوازیان گرتۆتەبەر. هیوادارم کە ئەم دیاردەیە لەم ڕۆوە نەمێنێت. با چیدی خۆمان نەبینە هۆی ڕێزنەگرتن لە نووسین و ووتار و هۆنراوەکانمان.

ئەمەش ئەو تکستەیە کە کوردستان نیت بڵاویکردۆتەوە لە لاپەڕەی یەکەمی تۆڕگەکە. تکا، تکا، تکا...




**هەر بژین بۆ کورد**

* تۆڕگە = Website

**ڕوونکردنەوەیەکی خێرا**:

- تۆڕگە = Website، تا ئێستا هیچ سایتێک ئەم ناوەی هەڵنەگرتووە بەڵام وەک و چۆن (ماڵپەڕ) باشترین ووشەیە بۆ Homepage ئەوە تۆڕگەش کە لە دوو بڕگە پێکهاتووە پڕاوپڕی Websiteـە.
- Web = تۆڕ
- Site = گە ، گاە، پارچە زەوی، جێ، مەنزەڵ

کوردستان نێت
KURDISTAN NET